غزلیات حافظ شیرازی

به انتخاب

عجب ای کیا پرستم

ئەوین و
عەدەم و
گەنجێتی و
سەرەتای بەهار
❊
ئەوین و
گەنجێتی و
سەرگەرمی،
دوا ئاواتمانە
❊
عەشق و
گەنجێتی و
شەرابی ئەرخەوانی
❊
چاوگی خۆشەویستی
لەوجێیەیە
کەئازیزی لێیە.
❊
باسی کەسانی دیکەم بۆمەکە
من کۆیلەی ئازیزم
*
خوادایە
لەوەرزی گوڵدا
لەگوناهی عەبدی خۆت خۆشبە
❊

دەزانی بەختەوەریی چییە؟
بینینی ڕوخساری ئازیز
❊
خێرت دەگات
ڕوی خۆت بشارەوە،
لەوانەی کوژراوی دەستی تۆن.
❊
سەلامەتی هەموو دنیا
بەسەر سەلامەتی تۆوە بەندە
❊
لەچاوی بەد بەدوربیت،
ئاخر تۆ هەم ڕۆح و
هەم ئازیزیت
❊
سەری ئێمەو پێیەکانی
یان لچ و لێومان و دەمی ئەو
❊

گەر بەخت یاوەرم دەبوو،
چمکی کراسەکەیم بەدەست دەگرت

❊

مەبەستی من
لەچونە مزگەوت و ئامشۆ و ڕۆتی مەیخانە،
گەیشتنە بەتۆ

❊

تەنها بولبولە
نرخی کتێبی گوڵ دەزانێ

❊

سەردەمی (مەجنون) بەسەرچوو
هەنوکە نۆبەی ئێمەیە

❊

دوێنێ شەو بەخۆمم وت
یاقوتی دەم و لێوی
دەرمانە بۆم

❊

چی دەبێت گەر
لەباخەکەت
گوڵێک بچنم؟

❊

وەرە ساقی، وا ئازیزم
پەچەی لەسەر ڕوی لادا
ئەو بێ مروەتە
لوت بەکەسدا ناهێنێ.

❊

ئازیز ڕۆیی
بێ ئەوەی، خەبەر بەعاشقان بدات
ڕۆی و
شایی لێکردم بەشین.

❊

هەفتەیەکە (مانگ)ە کەم دیارنییە،
لەمن وایە ساڵێکی ڕەبەقە.

❊

ئازیزم ڕۆیشت،

دەسا برایان ڕەحمەتێ

❊

بەبۆنەی تۆوە
کەوتمە چیا و دۆڵ و
تاکو ئێستاش هەرلەوێدام

❊

دڵی بردم و بزر بوو

❊

ئێستا ئەو.
باعیسی وێرانبونی
دڵ و دینمە.

❊

دەردم بەدەستی ئازیزە و
دەرمانیشم هەر لای ئەوە

❊

دڵم خوێن دەدەڵێنێ
بۆ ڕۆیشتنی ئازیز

❊

دەبێ لەگەڵ کێدا بێت و
کێ لەباخەڵیا نوستبێ؟

❊

ئەم غایەلە بەدفەڕانە
خەویان لەچاوم تەران

❊

لەپەل و پۆکەوتین،
سەروەختێک
خەمی کۆچت دایگرتین

❊

گەر بەرد
بەم قسانە دڵگران بوو
سەرسام مەبە

❊

سەرم لێم تەوەلا بووەو
چاوانیشم لەچاوەڕوانیدا هەڵقرچان

❊

یان مەیلی تۆ
یان هەواڵێکت

❊

وای لەو ئازارەی
کەچەشتم
بەڕۆشتنت

❊

شەو و ڕۆژ
من لەگەڵ فرمێسکدا
لەگێرمە و کێشمەدام.

❊

ڕۆحم دەفرۆشم
بەماچێک لە لێوەکانی

❊

چۆن دەتوانێت وا دڵخۆش بێت؟
دڵم خەمگینە

❊

عەیامێکە
ئازیز نامەیەکی نەناردووە؟

❊

من هەر ئەوەندەم لەدەست دێ:
بەنهێنی عاشقی بم

❊

چەند بەعەزرەتی ئەوەوەم
قسەت بۆ بکەم
لەبارەی حاڵی دڵمەوە

❊

موسیبەتی پرچی ڕەشت،
دوایی نایەت.

❊

خۆش بەحاڵی ئەو دڵشفتەیەی
وەڵامێکی لە ئازیزەوە پێدەگات

❊

سپێدە
بەوپەڕی جۆش و خرۆشەوە
قسەم بۆ نەسیم دەکرد

❊

هەر شەوەو
لەگەڵ ئەستێرەیەکدا
بەسەرهاتێکم هەیە.
❊
جەستەم فەنابوو
لەدوری ئازیز
❊
بەیەک نیگا
عەلەمان نامێنێ
❊
لەکەوانی ڕاستگۆییەوە
هەزار تیری پاڕانەوەم هاویشت
❊
تەمەن بەهەدەر دەڕوا
بەبێ مەی و
بەبێ ئازیز
❊
هەتاکەی ژان و ژاری ئەم دنیا پوچە دەنۆشی؟
پێکی هەڵدە.
❊
ئەم دنیا و ئەو دنیا
بەفیدای ئازیز و ساقی بن
❊

بەشەرابی کۆن
خەمە کۆنەکانتان بدەن بەبا
❊
شەوی دوێنێ
مەلایەکەتم بینی،
لەدەرگای مەیخانەی دەدا
❊
بەمەی هەموو کتێبەکانی
زانینمان دەشۆم
❊
خەم بەدنیاوە هەڵمەگرە و
ئامۆژگاریەکانی منیش لەیادمەکە.
❊
سەربەمەیخانەکاندا مەکە
بەڕێز و ویقارەوە نەبێت
❊
حافز کونجی مەیخانەی گرتووە و
بەری نادا
❊
ئەی شێخی مەیخانە
بەهانامەوە وەرە
❊

بەچاوی پڕگریانەوە
ڕووەو مەیخانە ڕادەکەم
سواڵی بەزەیی و ئینساف دەکەم
❊
لێرە بەدوا
مەست دەبم و
بێئاگا دەبم لەدونیا
❊
پێکێ فڕکەو
قنج و قیت بکەوەڕێ
❊
گەر موسیبەت یەخەی گرتی
دەردە دڵ بۆمەی بکە
❊
چارەی ئێمە
بەدەستی، شەرابێکی کۆن بوو
❊
لەزەمەنی قات و قڕیدا
پەنا بۆ چێژ و سەرگەرمی دەبەم
❊
ئەگەرچی مانگی ڕەمەزانە،
وەلێ پێکێکم بدەرێ
❊

هەرچەندە لەیەکتر دورین،
بەڵام بەیادی تۆوە دەخۆینەوە.
❊
جێیەکی ئارام و
بادەیەکی بێگەرد و
هاوڕێیەکی دڵسۆز
❊
بەزەیی خوداوەند
زۆر لە گوناهی ئێمە گەورەترە
❊
دەی تۆش
لەگەڵ خۆتدا مەی بەرەو
ڕوبکەرە دەشت و دەر
❊
بەبێ مەی
بەهار بێ جۆشە
❊
ئەی با
بۆنێکی ئەو مەیەم
بۆ بێنە
❊

بەخوای خۆتان سوێندتان دەدەم
عاباکانتان
بەشەرابی من بشۆن

❊

جڵەوی ژیانت
بدەرە دەست پێکێک

❊

عاباکەی حافز
هەمیشە بارمتەی شەراب و مەیە

❊

بەئاوی شەراب
خۆڵی بونمان دەشێلم

❊

نەکەی حافز
جگە لە لێوی یار و پێکی بادە
شتێکی دیکە ماچ بکەی

❊

بەسەرخۆشی
دەرگەی خواپەرستی دەکوتم

❊

بادڵت وەک
پێکی بادە فراوان بێت

❊

پرس و ڕام بە ئەقڵ کرد
پێی وتم:
حافز مەی بنۆشە

❊

بەویستی خۆم
لەمزگەوتەوە چوم بۆ مەیخانە

❊

دووشت هەن، دەست بەرداریان نابم
لێوی یار و پێکی بادە

❊

دەرمانی دەردم مەکە
بۆچی بەدەردم نازانی؟

❊

تۆ بریندارم بکەیت
بۆمن چاکترە
لەتیمارکردنی ئەوانی دی

❊

دۆستایکردنی فەرمانڕەوایان
دەیجوری شەوی یەڵدایە

❊

چاوەڕێی
خواپەرستی و سەر ڕاستی و
وەفاداری لەمن مەکە

❊

حاشا
دەسبەرداری مەی ببم
لەوەرزی گوڵدا

❊

گەر باسی خراپەکانی مەیت کرد
باشەکانیشی بڵێ

*

ئەی دڵ
ڕێگای ئەوین
پڕە لە ئاشوب و ماڵوێرانی

❊

جوان بیت
مانای ئەوەنییە
عاشقەکەت بکوژیت

❊

پێویستت بە بیانوو نابێت
گەر تۆ مەبەستت خوێنمان بێت

❊

ڕۆژی مردنم، بەڵێنم بدەرێ
بۆ ساتێک بت بینم

❊

ڕەوای هەق نییە

بمکوژیت و
تێی تەقێنی
❊
گەر بەلامدا ڕەت بوویت
چمکی کراسەکەت هەڵکە،
نەک خۆڵاوی و خوێناوی بێت
❊
کەس شک نابەم
وەکو من غەرقی گوناهبێت
❊
شێر دەبێت بەڕێوی
لەبیابانی ئەوینتدا
❊
ئەی خۆری بەیانی ئومێد
دەرکەوە
❊
مەقسەدی کەلام ئەوەیە،
ئێمە ژیانمان بێ تۆ ناوێت
❊
ڕێگەی ئەوین
پڕە لە ئاشوب و نەهامەتی
ئەی دڵ
❊

بڕستم لێبڕاو
کەناری خۆشەویستیم بەدی نەکرد
❊
قافڵەکە تێپەڕی و
تۆ نوستبووی
بیابان لە پێشدەمتدایە
❊
شەوێکی دەیجور
شەپۆلگەلێکی ترسناک
باهۆز و بارانێکی بەخوڕ
❊
ژیری نییە
دڵت ڕادەستی نیگەرانی و خەفەت
بکەیت!!
❊
بەبێ چاوساغ
پێ مەخەرە کوچەی ئەوین
❊
ئەوەی بەناز و نیعمەت گەورە بوبێت
بە ئازیز ناگات
❊

هەرگیز نامرێت
ئەوەی دڵی
بەئەوین جۆش دابێت
❊
خەزنەی دڵ
مەدەرە دەست
جوانی دەڵە قۆڕەکان
❊
سوتانی دڵ
وروژمی فرمێسک
شین و ناڵەی سپێدە
ئاه و حەسرەتی شەو
❊
چەند خۆشە ئەو ڕۆژەی
کەلوپەلەکانم کۆدەکەمەوە و
ئەم ماڵە جێدێڵم
❊
هەموو درەختێک
بەرگەی شەختی پاییز ناگرێت
❊
وا دەمی بەهارە
هەوڵبدە بەختەوەربیت
❊

جێی داخە
باڵندەیەکی وەکو تۆ
دیلی قەفەز بێت

❊

سەربوردەی من لەگەڵ ئازیز
دوایی نایەت

❊

دڵی مەلولی حافز
ئارەزووی خوێندنی وانەی خۆشەویستی دەکات

❊

خۆشەویستی
پشوو درێژی گەرەکە
ئەی دڵ خۆت ڕاگرە

❊

بەبێ جوانی ئازیز
ڕۆح تاقەتی مانی نابێت

❊

قریوەی عاشقان و
شین و گریەیان
سەربە جێگەیەکی دیکەیە

❊

باڵندەی ژیر
گەر بەتەڵەوە بوو
پێویستە دان بەخۆیدا بگرێ

❊

لەئەویندا نابێت
لەسوتان و پشوو درێژی تەوەلابیت

❊

خۆشەویستی گاڵتە نییە
دەسا ئەی دڵ
ڕسک بەسەری خۆتەوە بکە

❊

لەخۆشەویستیدا
فەرق لەنێوان ،
مەیخانە و پەرستگادا نامێنێ

❊

نهێنی خۆشەویستی
لەپەرستگادا جێی نابێتەوە

❊

نهێنی ئەوین و مەستی
بۆ نەیاران باس مەکەن

❊

لە ئەویندارییدا

سەر سەخت بەئەی دڵ

❊

بولبولێک

ڕەنجێکی زۆری بەخەرج داو

گوڵێکی بەنسیب بوو

❊

حافز

بیر لە ناسکی دڵی یاربکەرەوە

❊

ئومێدی گەیشتن بەتۆ

وام لێدەکات بژیم

❊

گەر دەروێشی ڕێگەی عیشقیت

لە بەدنانوبوون و حەیا چوون

سڵا مەکە

❊

عاشقێک نییە

وشەی زبری بەمەعشوقەکەی وتبێ

❊

گەر بەدو بێ فەڕبین

تۆش وەها

حیسابمان بۆ مەکە

❊

دڵم لەبەر دەرگات

هەڵکورماوە

میهرەبان بە لەگەڵیدا

❊

زۆرم چەشت

تا بە ئازیز گەیشتم

❊

پیادەڕۆم و هاوڕێیانی ڕێگەش

سوارەن

❊

غەریبی و

بێ کەسی و

خەمی دڵ

پیریان کردم

❊

زۆری لێ پاڕامەوە، تا نەڕوات

بەڵام بێ هودە بوو

❊

نزای نیوە شەو و

پاڕانەوەی دەمەوبەیان

❊

واچاکە وەک هەوری زستان
بەسەر ئەم مێرگانەدا بگریم
❊
لەدوری تۆ
لە کوخە بێنازەکەمدا
سەرکز دەکەم
❊
وتم بەڵکو بەشین و گریان
بەزەیی بخەمە دڵیەوە
❊
لەجەنگ و ئاشتیدا
بەرامبەر قەدی سەروی تۆ
من دەمرم
❊
گەر کەنقت و پەژموردەبووم
شەوێک بەنەرم و نیانی
لە ئامێزم بگرە
❊
مژدەی خۆشەویستی هات:
ڕۆژانی دڵتەنگی
بەردەوام نابێت
❊

جگە لە بەسەرهاتی
ئەوین و وەفاداری
پرسیاری هیچمان لێ مەکە
❊
خوا خۆی دەزانێت
لەهەرکوێ بووبێت
لەگەڵیدا بووم
❊
یوسفی ونبوو
دەگەڕێتەوە بۆ کەنعان
دڵگیر مەبە
❊
لێرە بەدوا
لەهەڵسوکەوتی غەیریبان
گلەیی ناکەم
❊
چۆن بتوانم لە حیشمەتا،
سەرم لەبەردەم ئازیزدا هەڵبڕم؟
❊
سەدان هەزار گوڵ
شکۆفەیان کرد و کەچی
دەنگی باڵندەیەکمان نەبیست
❊

بەهۆی حەز و سەرچڵیەکانمەوە
بەدناوبووم

❊

کەس شک نابەم
وەکو من غەرقی گوناهبێت

❊

لەسەرە مەرگدام و
ڕازی دڵم نەهاتەدی

❊

چارەنوسی خۆت
ڕادەستی خودات بکەو
بەختەوەر بە

❊

مەی بنۆشە و واز لە قسە و باسی
عاد و سەمود بێنە

❊

هەموو عومرم
لە پاڕانەوەدا بەسەرچوو

❊

سوپاس
بۆ دڵڕەقی هەمیشەیت

❊

گەنجی ڕابورد
لەباخی ژیاندا، گوڵێکت نەچنی ئەی دڵ

❊

زەمانە هەروەها نابێت
دڵتەنگ مەبە

❊

دنیای بێ عارە
متمانە بەهیچی مەکەن

❊

بەختەوەری ڕاستەقینە ئەوەیە
کەبەبێ خۆڕەتاندن، دەبێت بەنسیبت

❊

نەعومری خدری زیندە ماو
نەتاجی ئەسکەندەر
کەس نازانێ عاقیبەت چی دەبێت؟

❊

شان بە شانی مەیگێڕ دانیشەو
لەبەسەرچونی عومر ڕامێنە

❊

چاوەڕێی چیت
لەدنیایەکی ڕاگوزەر؟

❊